# ئەفسانەی ((چی بکەین)).

ئەحمەد هاورێ

## - تیۆڕوانینی لینینی بۆڕ ێکخراو.

سەرەتا هێڵکی تەریب لە نێوان تیۆڕوانینە بنەڕەتییەکانی مارکس بۆ ڕێکخراوی شۆڕشگێڕ و تیۆڕوانینە بنەڕەتییەکانی لینین بۆحیزبی شۆڕشگێڕ دەکێشن ، هەوڵ ئەدەین کۆتاییەک بۆ ئەو تێکەڵاوکردنە موغریزە دابنێین لە نێوان ئەم دوو تیۆڕوانییینە جیاوازە کە جیاوازیان لە جەوهەردا گەشتۆتە ئاستی پێکدادان و دژبە یەک ، هەروەهاش کۆتای هێنان بەو ئەفسانەیەی ناویان لێناوە { تیۆڕوانینی مارکسی لینینی بۆ حیزب } ، کە ئەم تیروانینەش بونی نیە لە کەللەسەری بانگێشەرانیدا نەبێ هەر وەک چۆن ڕیکلام دەکرێت بۆ کاڵایەکی مەغشوش .



بۆ ئەم مەبەستەش کۆمەڵێک لە خەڵک هەڵدەبژێرین لە شێوەی لینینی بۆ ڕێکخراو ئەمە کەیفی خۆیانە ، کۆمەڵێکیش هەڵدەبژێرین کە وەک مارکس وێنای ڕێکخراو دەکەن ئەمەش مافی خۆیانە . بەڵام ئەمەش بەبێ تێکەڵاوکردن ، بەبێ دەمامک ، بەتەواوی هۆشمەندیەوە ، چونکە هۆشمەندی هەر لە ڕابردووە وە تاکوئێستاش گەر لەزمانی مارکسەوە باسی لێبکەین " هێزی بەرهەم هێنانە " کە ڕۆڵ و کاریگەر زۆری بەسەر ڕێرەوی مێژوو وە هەبوو وە و دەبێت . چونکە هەر هەنگاونانێک و هەڵبژاردنێک بۆ هەریەک لەو شێوانەی ڕێکخراوەی مەسەلەیەکی تەقەنی و شێوەیی نیە بەڵکو مەسەلەیەکی تەواو بنەڕەتیە ، ئەزمونی چەندین ساڵەی دەسەڵاتی دەوڵەتی مارکسیست – لینینیست – ستا لینستییەکان ، کەوەک خــوا خۆی سەپاند بەسەر سەرجەم ژیانی کۆمەڵایەتیدا و شوێنک نەمابووە وە دەنگی تێدانەداتەوە ، بەسە بۆ دەرخستنی ڕووی ڕاستەقینەی هەردوو تیۆڕوانینەکە بۆ ڕێکخراو .

خوینەری شۆشگێر ، واتە ئەوانەی ڕاشکاوانە ئەو چاوبەستە تەقلیدییەیان لە بەرچاوی خۆیان لاداوە بۆ دیتنی ئەوەی ڕێرەو دەکات و دەگوزەرێ لەبەردەمیاندا لەسەر ئەرزی واقعی بەبێ هیچ واسیتەیەکی ئایدۆلۆژی ، ئەبینێ ، هەرلەسەرەتاوە لینین زۆر بەئاشکراو بێ پەردە وەک ماهیەتی مێژویی برجوازیانەی، نەک هەر دەستبەرداری تیۆڕوانینی مارکس بووە سەبارەت بە (( پرۆلیتاریا وەک هەبونکی

زیندو ))بەڵکو ڕاستەوخۆ دژایەتی خۆی هەڵسوکەوت کردووە :- لە تێروانینی مارکسەوە ، پرۆلیتاریا خۆیەتی دروستکەری ڕزگاربونی خۆی ، وەک چینێکی ڕووە و سەر ، قابیلی ئاڵوگۆڕپێکردننیە بە چینێکی تر بۆنمونە " جوتیاران " وە یان حیزب جا ئیتر هەرچییەکبێت . بەڵام لینین پرۆلیتاریای ، وەک هەبەبونێکی شۆڕشگێڕ و تاکە دروستکەکری مێژووی داهاتو ، کردە حیزبێکی ناوەندی لە هەڵگری هۆشمەندی و ڕزگاری بەخش لەدەرەوەی خۆی و جارێکیتر گواستنەوەی تەنیا لەڕێگەی حیزبی شۆڕشگێرەوە ،وەک دیارییەک بۆی.

لینین لە مانیفاکتۆرەکەیدا کە لەسەر دەرگای دەرەوەی نووسرا وە " چیبکەین " پێمان دەڵێت ، کەئەمەشی لە کاوتسکی مامۆستایەوە وەرگرتووە و دووبارەدەکاتەوە (( زانستی سۆشیالیستی لە تیوریە فەلسەفی ، مێژوویی و ئابورییە وە لە دایک بووە کە ڕوشنبیرە خوێنەوارەکانی سەر بە چینی دەسەڵاتدا هەڵیانخراندبو ، دامەزرێنەرانی سۆشیالیستی زانستیش خۆیان ، مارکس و ئەنگلس ، لەڕوی باری کۆمەڵایەتیانەوە ، ڕۆشنبیری برجوازی بون ، هەروەک چۆن مەزهەبی سۆشیالیستی دیموکراسی وادەرکەوت دەرکەوتنێکی تەواو سەربەخۆ لە گەشەی عەفەوی چینی کرێکاران ، بەم پێیەش تیوری سۆشیالیستی لەڕوسیا سەرئەنجامی سروشتی ، مەحکومە بەپێشکەتنی بی " فکر " لای ڕۆشنبیرە شۆڕشگێڕە سوشیالیستیەکان .... ))

لەم دڵنیاکردنەوەیەشەوە کە (( تیوری سۆشیالیستی لەڕوسیادا سەرئەنجامی سروشتی ، مەحکومە بە پێشکەوتنی بیر لەلای ڕۆشنبیران ...)) ، کەناکۆکیەکی ڕسوابووە لەبەرامبەر دیالکتیکی مێژوویداهەروەک چۆن مارکس لەووتەیەکیدا تەعبیری لێدەکات ودەڵت :- (( کەینونەیە هۆشمەندی دیاری دەکات نەک هۆشمەندی کەینونە دیاری بکات ... )) .

بەڵام پێدەچێت بۆ لینینی خاوەن (( چی بکەین )) پێچەوانەکەی ڕاستبێت ، بەلانی کەمەوە بۆ ڕوسیا .. تیوری سۆشیالیستی وەک ئەوە نەمایەوە کە لای مارکس گەڵاڵە بوبو ، وەک دەربڕێک لە مل ملانێی کۆمەڵایتی هەبوی بەکردەوە . بەڵکو سەرئەنجامێکی مەحکومە بە پێشکەوتنی بیر نەک بە پیشکەوتنی بزووتنەوەی کۆمەڵایەتی .

بۆ ناکۆکی نێوان مارکس و لینین لەم بارەیەوە ئەوە بەسە بیگێڕینەوە کە لە مانیفێستی کۆمۆنیست دا ، هاتووەو زۆرجاران کەوتۆتەسەری و هۆشی خەبەر نەکردونەتەوە ، وەک ئەوەی بڵێت نەبینراوە و نە خوێنراوەتەوە :- { بنەمای تیوری کۆمۆنیستەکان ، بەهیچ جۆرێک دانامەزرێت لەسەر ئەساسی ئەفکار ، یان دۆزینەوە و داهێنانێک بێت لەلایەن ئەم یان ئەو ئسڵاحچی ئەم جیهانەوە بەڵکو بنەما تیوریەکانی

کۆمۆنیستی هیچ نیە دەربڕیک نەبێت ، بەشێوەیەکی گشتی ، لە مەرجی بەکردەوەی ململانێی چینایەتی هەبوو ، لو بزووتنەوە مێژوو یيە کە بەبەر چاوماندا تێدە پەڕێت ... } .. .
لەم دوو دڵنیاکردنەوە ناکۆکەشەوە ، بەکردەوە سەرئەنجامی ناکۆکییەکان ڕێڕەوی خۆی وەردەگرێت ،

مارکس هەمیشە ئەوی دڵنیاکردۆتەوە کەچینی کرێکاران هۆشمەندیەکەیان لەڕوتی دوورو درێژی ئاڵاوبە ململانێی چینایەتی ڕووەوسەر دژی سەرمایە بەدەست دەهێنن ، لە تێکشکان و سەرکەوتنەکاندا کە خۆپاراستن لێیان مەفەری نییە ، شۆرشی پرۆلیتاریاش نابێ ولە توانادانیە بەهێزێکیتر غەیری پرۆلیاریانەبێت ، بەم پێیەش هۆشمەندی پرۆلیتاریا مەدلولە بە ململانیەکانیەوە ، بە شێوەکانیەوە ، بە ئامانجە ڕەواکانیەوە ، کە لە تێروانینی مارکسەوە ناکرێت لە دەرەوەی چینی شۆڕگێڕەوە هەڵبگیرێت و بە هەدیە پێشکەشی بکرێتەوە ، بەڵکو پێناگات تەنیا لەڕێگەی هەڵسوکەوتی مێژوویی خۆیەوەنەبێت .
بەڵام بەلای لینینەوە ، ئەوە چینی کرێکارانییە کە دیاریکەرو بەدەسهێنەری هۆشمەندی خۆیانن لەڕێگەی ململانێی بەکردەوەوە ،بەڵکو هۆشمەندییەکەی لە بنەڕەتدا جیایە لێی ، ئەو هۆشمەندییەی بەتەنیا لە کەللەسەری ڕۆشنبیراندایە و سەربەخۆیە لەباری چینابەتی بەکردەوە و ئەوە کەینونەی چینی کرێکاران دیاری دەکات و ، هەرئەویشە بەرزی دەکاتەوە بۆ ئاستی هۆشمەندبون سەبارەت بە ئەرکەمێژووییەکانی .
لای لینین چینی کرێکاران ناتوانن ببنە شۆڕشگێڕ لە ڕیگەی هەڵسوکەوتی تاک ڕەوانەی خۆیانەوە ، چونکە هەڵسوکەوتی شۆڕشگێڕانەی ناگەیەنیتە ئەو هۆشمەندیەی کە لەناوبردنی ململانێ چینایەتی بەسۆشیالزم بکات ، بەڵکو ئەیبات بەرەو هۆشمەندی نەقابی : نسلاحچی .

هەروەهاش ڕۆڵی شۆڕشگێڕ پەیوەست بوننیە بەبزووتنەوەی مێژووی بەکردەوەوە و کۆکردنەوە پختەکردنی وانەو سەرئەنجامە کۆتاییەکان لەو ململانێ چینایەتییەی بەبەرچاوماندا تێپەڕدەبێت ، بەڵکو هەڵگرتنی هۆشمەندی سۆشیالیستیە (( زانستی پرۆلیتاریا )) ، هەروەک مامۆستا کاوتسکی فێری کرووەو ئەویش بەئێمەی دەڵێتەوە ، بۆ چینی کرێکارانی پەککەوتە کە ناتوتنێت هۆشمەندی خۆی بەدەست بهێنێت و هەڵسێت بەڕۆڵی مێژوویی خۆی :- ئەو چینەی گۆڕ هەڵکەنی جیهانی کۆنە ! .

ڕۆشنبیرە بۆرجوزییەکان لە تێڕوانینی مارکسەوە کە تەمسیلی زەهنی ڕێڕەوی مێژوو دەکەن پەیوەست دەبن بە بزووتنوە مێژووییە کەوە ،بەڵام لەتێڕوانینی – کاوتسکی ، لینین – دا ، پێشڕەوی بزووتنەوە مێژووییەکەن و ئەوانن هۆشمەندی ، ئەوانن دڵسۆزی مێژووی بۆ قوتاربون لە ئیسلاحچێتی ، لەڕێگەی ئەوانەوە و ، تەنیا لەڕێگەی ئەوانەوە چینی کرێکاران بەچالاکی تایبەتی خۆی هۆشمەند دەبێت و بە بێ ئەوان نامۆیە پێی و ، وونەلێی و ، دژە پێی ، لە کۆتایشدا بۆرجوازیەت سودی لێ وەردەگرێت !!! .

رۆشنبیره حیزبی یەکانن لەسەر سینیەکی ئاڵتونی  هۆشمەندیان ئامانجیان و هۆکانی دەستەبەرکردنی کرێکاران ،پێشکەشی کرێکاران دەکەن ، ئەوان شێخ ومشایەخی تازەن بۆ ئەو چینەی کەناتوتنێ خۆی خۆی نەجات بدات ، ئابەم شێوەیە بەپێچەوانەی تێروانینی مارکسەوە – کاوتسکی ، لینین ...- هەمیشە ئەوەدئنیادەکەنەوە کە هۆشمەندی چینایەتی بەرهەمی بیره نەک باری کۆمەڵایەتی ، پێدانێکی ئایدۆلۆژییە نەک پێدانی هەڵسوکەوت کردن .

بۆ ئەم تێروانینە لینینیستیەش بنەما ئایدۆلۆژیەکەی لە بیری سائیدی نێونەتەوەیی دووهەمەوەیە ،، ڕەگی ئایدۆلۆژیای گواستنەوەی هۆشمەندی لەدەرەوەی پرۆلیتاریا بۆ ناوەوەی لەلایەن ڕۆشنبیرانەوە ، ئەم ڕۆحە پیرۆزە تازەیە لە مزگەوتی سۆشیالیستی نێونەتەوەی دووهەمدا ، لە نێوان ساڵانی 1888-1904لە ڕوسیا خۆی پێگەیاند ، ئەوکاتەش حیزبی سۆشیالستی دیموکراسی ڕوسی لقێکی نێونتەوەی دووهەم بوو، هەر لەم ماوە مێژوویەشداو یەکێک لە ڕووداوە سەیرو سەمەرەکان سەری هەڵدا لەڕۆژگاری نێونەتەوەی دووهەمدا ، نێونەتەوەی زاناکان ، کە تیوری شۆڕشگێرانەی پرۆلیتاریا کرایە (( زانست )) واتا لە تیورێکی شۆڕشگێڕیەوە بۆ ئایدۆلۆژیایەکی ئیسلاحچی .

بەوپێیەشی کە پرۆلیتاریا بێ توانایە لە پێزانینی زانست ، بە واتایەکی تر بێ توانایە لەوەی باسێک لە سەر – قەیران- یان –سەرمایەداری – یان – زیادەی بەها – یان – کاری کرێ گرتە - ..... هتد ، ئیتر هیچی لەسەرنییە لەوەزیاتر گوێچکەکانی جوان شل بکات بۆ ئەکادیمیستە لێزانەکان تاکو هۆشمەندی سۆشیالیستی لێوەوەرگرن .

ئەوەشی لێرەدا سەیرترە ئەوەیە کە هەوادارانی گواستنەوەی هۆشمەندی زانستی بۆکرێکاران خۆیان نەخوێنەوار بون ! کەچی ئەیانەوێت کرێکاران فێری شتێک بکەن کەخۆیان جاری فێری نەبون !!! .

پێداوویستی ئایدۆلۆژیای نێونەتەوەیی دووهەمیش ئەم دوو سەرئەنجامە هاوجوتەی لێ کەوتەوە :- جیاکردنەوەی هۆشمەندی کرێکاری شۆڕشگێڕ لە ململانێی چینایەتی و سپاردنی بە حیزبی زانایان ، حیزب وەک نوینەری چینی کرێکار . هەر چۆن دەربازبن نییە لە دەرەوەی مزگەوت ، ئاواش هۆشمەندی نیەو دواتریش شۆڕش و دەربازبون نیە لە دەرەوەی حیزب ، چونکە بەبێ دەستگیرۆی دامەزراوەی حیزب و کارمەندو شێخ و مەلاکانی چینی کرێکاران دەکەونە داوی بۆرجوازیەت و ئایدۆلۆژیاکەیەوە .

تایبەتمەندیەکانی ئەم حیزب – مزگەوتە .. ناوەندێتییە ، زەبتوڕەبتی نەفامانەیە ، دەسەڵاتی سەرکردە کە بەرپەرچدانەوەی نیە ، بەرژەوەندی حیزب لەسەرو بەرژەوەندی ئەندامەکانیەوە بەواتایەکتر لەسەرو بەرژەوەندی پرۆلیتاریاوە ، دەسەڵاتی سەرەوە بەسەر قاعیدە دا لە ناو حیزب دا و دەسەڵاتی حیزب

بەگشتی بەسەر سەرجەم پرۆلیتاریادا لە ناو وولاتدا ، لە کۆتایشدا پێوویستی سەرکردایەتکردنی حیزب بۆ هەموو دەستپێشخەریەکی پرۆلیتەری سەربەخۆ و دەستبەجێ پێوویستی پاکژردنی بە ئەندامانی موتەفەریغی حیزب تاوەکو ئەوهێڵە سیاسییە ی حیزب تێنەپەڕێنێت کەلەلاین سەرکردەی حەکیمەوە پێشتر بۆی دارێژراوە .

چونکە ئەرکی حیزب ڕاسپێراو بونە بەسەر بزووتنەوەی مێژووەوە ،کە دەسەڵاتێکی تۆتالیتاریانەیە بەسەر بزووتنەوەی کرێکارانەوە ... لێرەشدا بزووتنەوەی کرێکاری سوپایەکی گوێڕاگرە و حیزبی شۆڕشگێڕە کاراماکانیش سەرکردەی گوێڕایەڵانن . تاکە پێوەندییەکی مومکین هەبێت لە نێوان حیزب و چینی کرێکاراندا ، پێوەندی زابتە بە سەربازەکانیەوە لە سوپای بۆرجوازیدا . پێوەندی ئامرو مەئمور ، ئەمەش ناوەڕۆکی پێوەندی سائیدە کە لەمە بەدەرنیە :- چینێکی کەمینە چینێکی زۆرینەی کۆمەڵگا دەچەوسێنێتەوە .... .

ئەم پێوەندیەش ، کە بەهیچ شێوەیەک لە شیوەکان پێوەندی بە تێڕوانینی مارکسەوە سەبارەت بە خۆڕێکخستنی پرۆلیتاریاوە نیە ،، هەرئاواش لە دایکبوی عەقڵی لینین یان دروست بوی خەیاڵی ئەو نیە ، بەڵکوڕاستەوخۆ لە واقیعی سائیدی ڕوسیاوە لەلایەک و لە لایەکی تریشەو لە بیروکراسیەتی زاڵی نێونەتەوەیی دووهەمەوەوە ئیستیرادی کردووە .

چونکە ئەوکات زۆربەی زۆری سەرکردەکانی نێونەتەوەی دووهەم بە تایبەتی کاوتسکی کە لینین بە درێژای 20ساڵ هەر لە -1896تا- ئۆگیستی- 1914خوێدکاری ئەو بو ، نەک هەرقێزو بێزیان لە دەست پێشخەری پرۆلیتاریادەکردەوە بەڵکو ڕاستەوخۆ ئەیانویست پرۆلیتاریای ڕاپەڕیو لەلایەن خویانە وە ڕاکێشی پرنسیپەکانی نێونەتەوەی دووهەم بکەن ، بەناوی حیزبی پیً شڕەو ، واتا حیزبی ڕاسپێردراو بەسەر بزووتنەی مێژوو وە وە ، چونکە بەدەرلەمە (( ڕێگادەکاتەوە لەبەردەم سەرکێشی یان شۆڕێکی پێنە گەشتو ...)) بەووتەی کاوتسکی مامۆستا لە کتێبە بەناوبانگە یدا – بەرەو دودەسلات - کە بووە تەورات و ئنجیلی " چی بکەن " .

هەربۆیەش سەرتاپای حیزبەکەی لینین و هاوشێوەکانی دوێنێی و ئیمڕۆش بەهیچ شێوەیەک نەیانوویستووە و ناشیانەوێت نەفی ئەو دەوڵەتە بکەن کە شەڕیان لەدژی بەرپاکردووە ، نەک لەوبەر ئەوەی بارەکە پێنگەیشتووە یان هەربیانویەکی تری ئایدۆلۆژی بەرهەم هاتوی مانیفاکتۆی حیزب ، بەڵکو ئەمە کتومت ماهیەتی مێژوویی حزبە بەدرێژای مێژوو بە حیزبەکەی لینین و هاوشێوەکانیشیەوە ، هەربۆیە – گەر – لەدوایدا سەرکەوتنیان بەدەستهێنا ئەوە هیچ نیەو هیچ نابێت ئیعادەی بەرهەم هێنانەوەی هەمان دەوڵەت و هەمان کۆمەڵگانەبێت کە لەسەرەتادا پڕوپاگەندەی لەناوبردنیان دەکرد ...... ماویەتی

## - دابەشكردنی كارو پلەبەندی لە ریكخستنی لینیندا دژبە خۆڕیكخستنی شۆڕگێڕانەی پرۆلیتاریا.

جیاوزی چۆنایەتی نێوان خۆڕێكخستنی پرۆلیتاریاو ڕێكخراوی لینینی ، ئەوەیە كە خۆڕێكخستنی پرۆلیتاریا هەمیشە ئیلهامی خۆی لەكۆمەڵگای داهاتووە وە وردەگریت كە لەناوبردنی هەموو ئەوانەیە كەئیمرۆ تیایدا دەچەوسێنریتەوە لە شێوەی خۆڕێكخستنی كۆمۆنەدا ، بەلاّم ڕێكخراوی لینینی خۆڕێكخستنی خۆی لە كارگەوە بەدەست ئەهێنێ ، ئەو كارگەیەی بەردەوام لینین و هاوڕێكانی بەڕۆڵی گونجاویا هەڵئەدەن لە فێركردنی پرۆلیتاریادا بە گوێڕایەڵی كووتەكانەو زەبت وڕەبتی ئاسنی .

ڕێكخراوی – كارگە كتومت وەك كارگەی سەرمایەداری لەسەر بنەمای دابەشكردنی كار دامەزراوە، دابەشكردنی كاریش بەتەنیا وەزیفەیەكی بەرهەم هێنانانیە ، بەڵكو وەزیفەیەكی سیاسیشە ، كرێكاران لە هۆشمەندی گشتگیر لە پرۆسیسی بەرهەم هێنان و ڕۆلی ئەوان بێبەش دەكات ، یەكییەتی هۆشمەندی و چینایەتیان دەكاتە پلەبەندی " مراتب " ، لێكیان ئەترازێنێ بە بەربەستە دروستكراوەكان – جیاوازی موچە ، ژن و پیاو ، شار و لادێ ، پیشەسازی و كشتوكاڵ ....هتد.

بەهێنانەناوەوەی دابەشكردنی كارو پلەبەندی بۆ ڕێكخراو ، واتای ئیعادەكردنەوەی بەرهەم هێنانەوەی كارگەیەكی ترە كە زۆر سامناكترە لە كارگە ڕاستەقینەكە ، چونكە كرێكاران لە كارگە ڕاستەقینەكەدا ئەزانن كە كرێكارن و ئەداتی نەجاتبونیشیانیە ، بەلاّم لەكارگەی دووهەمدا هەموو شتێك لەدەست ئەدات تەنانەت هۆشمەندیشی سەبارەت بە بارە ڕاستەقینەكەی .

دابەشكردنی كاریش لەڕێكخراودا نابێت لە نێوان شۆڕشگێڕچییەكاندانەبێت كەهیچ یەكسانییەكی بەكردەوە شك نابەن لەنێوانیاندا ، بۆیە ئەوەی حوكمیاندەكات ، پێوەندی كرێكارە بە خاوەن كارەكەیەوە ، پێوەندی كۆیلەیە بە خاوەن كۆیلەوە ، حوكم كەر و حوكم لێكراوە لەكۆمەڵگای سەرمایەداریدا ، ئامانجی ئەم دابەشكردنەش سیاسیە نەك تەقەنی ، ئامانجیەتی پلەنزمەكان و قەواعید هیچ چۆرە هۆشمەندیەكی موتەماسك و گشتگیر لەبارەی خۆی و هۆیەكانی سەركەوتنی چینی شۆڕگێڕ كە سەركەوتنە بەسەر خۆیدا ، بەدەست نەهێنێت .

بیروكراسیەتیش لەدایك نابێت و گەشەناكات و وەناشبێتە حزورێكی گشتگیر و جەبەروت لەڕێگەی وردەكاریەكانی دابەشكرنی كارەوە نەبێت تائەوپەڕی سنوری ، لەگەڵ هەر بەرزڕاگرتنێكی زیاتری دابەشكردنی كار لە ڕێكخراودا بەوەندە ڕیژش ئەجهیزەو پلەبەندی جۆراوجۆر و لێكترازاو لەیەكتر گرنگی پەیدادەكات و ، ڕێكخراو دەبێتە جیهازێكی نامۆ لە ئیرادەی ئەندامەكانی ، نەك بەوەی لەژێر چاودێری بەكردەوەی ئەواندا دزەی كردووە ، بەڵكو ئاڕاستەدەكرێت دژیــان بۆ تێكوپێكدانی زیرەكیان ، داهێنانیان

، ڕەغنەگرتنیان ، دەستپێشخەریان .. ڕۆلیشیان لەم ڕێکخراوەدا لەباشترین حالدا ئەدیبێکی حیزبیە ، هەروەک چۆن لینین دەلێت :- مجەڕەت برغویەکە ، کەئامادەیەبۆگۆڕین لەئامێری زەبەلاحی حیزبدا.... .

لەڕێکخراوی کارگەشدا ، قاعیدە هیچی لەسەرنییە تەوەکەل بەڕزگارکرنەبێت ، بە( باوکی بلیمەتی هەموو گەلان ) ، کەهەموو قاعیدە ئەبینێت ، بەلام قاعیدەی پلەپلەکراویش لەتۆزێک لێرەو تۆێ لەوێ زیاترنابینێ ، سەرکردایەتی بیرکراتیش درندانە هەموو بەرگرییەک ئەکات دژی قاعیدە لە پێناو ئەوەی هەموو دەسەلاتێک بۆخۆی بێت ، لەڕێکخراوی کرێکاریدا ، چونکە پێزانینی گشتگیری ئەو ، لەبەرامبەر پەرت پەرت بونی قاعیدەی پلەبەندبودا ، زامنی جەبەروتییەتی و هەر ئاواش زامنی دەسەلات و ئیمتیازە مادی و مەعنەوییەکانیەتی .

وەزیفەی سەرمایەداریش ، هەروەک ئوەی سەرمایە دەیلێت ، خۆ داماڵینە داماڵینێک کە بەرگری ناکرێت لەوەزیفەی کرێکار ، لە هەمان کاتیشدا بەدەستهێنانی سەرکردایەتیە لەڕیکخراوی پلەبەندی کرێکاریدا جیاوازلە وەزیفەی کرێکاری کۆتکراو .

هەروەک چۆن کریکار لەکارگەدا بەڕێوبەرایەتی بەرپرسی کارگە لەدابەشکردنی کار ، ئەوەی بەسەردا ئەسەپێنێ کە هیچ لەوکارە زیاتر نەکات کەشەوڕۆژ وبەردەوام پێی سپێردراوە و هەرئەوەشئەزانێ کەتیایدا پسپۆڕە وەک کارێکی جوزئی بەرتەسککراوە تائەوپەری سنوری .. هەرئاواش "خەباتگێڕێکی " بەلشەفی کارگەش لەسەر هەمان دابەشکردنی کار ڕاگیراوەو ئەرکەکانی بچوککراوەتەوە بۆ چەندکارێکی جوزئی کەسەرکردایتی بەرپرسی دابەشکردنی کار لەحیزبدا بەسەریا ئەسەپێنێ ، کەئەمەش لە زۆربەی کاتدا لە ئەرکێکی تەقەنی زیاترنیە ، وەک :- هەلواسینی بەیان نامە ، هوتافکێشان ، پاسەوانی ، کاری خۆکوژی ، نامەبردن و نامەهێنانن ، ڕیکخستنی کۆڕە حیزبیەکان وپاسەوانیکردنی ئەندامە بیروکراسییەکانی .....هید ، کە لەهیچ کامێکیاندا بەشدارینەکردووە لە تەختیتکێشانیدا و پرسیشی پێنەکراوە ، تەنانەت زۆر ئەرک جێ بەجێ دەکات نازانێ چیدەکات و بۆچی و هیچ پەیوەندیەکیشی بەوەوەنییە ، پرسکردنیش قەدەغەیە ، چونکە درووشمی ناوەنی ڕێکخراو :- (( جێ بەجێبکە دواتر گفتوگۆبکە )) .

سەپاندنی دابەشکردنی کاریش لەڕێکخراوی کرێگاراندا ، بەمانا مێژووییەکی واتای گۆڕینی خەباتگێڕانی قاعیدەیە بۆ جێ بەجێکەرێکی کوێر ، بێ توانا لە چاودێریکردن و هەلسەنگاندندا ، هەمووشتێک جێ بەجێئەکات وەک بێدەنگی مردو ، ئامێرکی کەڕ لەوفەرمانانەی پێیان دەسپێردرێت ، چونکە لە قورئانی (( چی بکەین )) دا ، لەسورەتێک لەسورەتەکانیدا بەم شێوەیە ڕێنمایماندەکات و دەفەرموێت (( .. بیرکردنەوە قەدەغەیە ، بڕیاردەرکردن ئیختساسی ئەو سەروەرانەیە کەزیرەکیان لە سەرو زیرەکی هەموانەوەیە ..... )) .

## - مامانی شۆڕش.

{ هەموو بزووتنەوەی مێژوو بریتییە لە کرداری لە دایک بوونی کۆمۆنزم ، وەک بونێکی بەکردەوە ، بریتیە لە لەدایک بوونی هەبونە زیندووەکەی ( پرۆلیتاریا ) لەگەڵ هۆشمەندیە بیرکەرەوەکەیدا ... مارکس } .

شۆرش یان سەرئەکەوێت یان تێکئەشکێ ، وەستاندنی مانای تێکشکانی ، ئیتر ئەگەر بەگەمارۆدانیبێت لە لایەن بۆرجوازیەتەوە ، یان بەوەستانیەوەبێت لەلایەن کریکاران خۆیانەوە .. مێژوی پێکدادانە چینایەتیەکانیش بەباشی ئەوەیان سەلماندووە کە ئەمە پێوەندی نێوان دوو چینە سەرەکییەکە کۆمەڵگایەو بەس ، واتا بۆرجوازیەت و پرۆلیتاریا . مەسەلەنێوان بۆرجوازیەت و پرۆلیتاریاش مەسەلەی موڵکیەتەوهیچی تر ، بۆرجوازیەت جیهانی موڵکیەتی چینایەتی ئەپارێزێت بە پاراستنی بەرهەم هێنەران وەک چینێک و پرۆلیتاریاش هەرِشە لەو موڵکیەتە ئەکات بەهەرەشە لەهەموو دەسەلاتێکی چینایەتی و لەناوبردنی چینەکان بەخۆشیەوە ، بۆیە هیچ شتێکیش نییە لەهیچ ئاستێکدا بەرژەوەندی ئەو دووچینەکۆبکاتەوە .

شۆڕشی پرۆلیتاریش شۆڕشە لە پێناوی لەناوبردنی سیستەمی کاردا ، ئەمەش نایێتە واقیع بەبێ لەناوبردنی موڵکیەتی چینایەتی و چینەکان و دەوڵەت ، بەبێ سەرکەوتنی پرۆلیتاریا بەسەر بوونی خۆیدا ،بۆیەش کۆمۆنەی مرۆڤایەتی ئەکاتە دژی ئەو بناغەیەی چینەکان و دەسەلاتی چینایەتی لەسەر وەستاوە ، واتە موڵکیەتی چینایەتی و ژیانی دیموکراسی کۆمەڵ .

بەڵام بە پێچەوانەی ئەوەسەرەوە ، کەدواتر دەچینەوە سەرباسکردنی ، ئایدۆلۆژیستەکان لە پێناو شێواندنی دیالکتیکی مێژوویدا ، بەوییانووەی کە گوایە شۆڕشی پرۆلیتاریاو ئامانجەکەی مەزهەبێکی داهێنراوە لەلایەن ، مارکس و ئنگلسەوە ، ئاوا هەراجی میتافیزیای خۆیان ئەکەن و پێمان ئەڵێن :- ئەوە پرۆلیتاریانیە کەبۆ یەکەمجار مەسەلەی خۆرێکخستنی خۆی هەست پێکرد ، بەڵکو مارکس بو ، ئەوە پرۆلیتاریانیە کەبۆ یەکەمجار پێویستی لەناوبردنی سیستەمی کارکرێ گرتەی لە پرۆگرامەکەیدا هێنایەگۆرێ ، بەڵکو مارکس بو ، ئەوە پرۆلیتاریانیە کەبۆ یەکەمجار کۆمۆنەی وەک مەرگی کۆمەڵگای چینایەتی خستەڕو ، بەڵکو مارکس بو ،........هیتد .

بەڵام لەبەرامبەر ئەوانەدا ، بابزانین مارکس خۆی چی لەدیالکتکی میژوو گەشتووەو چۆن وەڵامیان دەداتەوە :-( خاوەنداریەتی تایبەت وەک خاوەنداریەتی تایبەت ، وەک سامان ، ناچارە بەپارێزاگاریکردنی خۆی ، واتا بەپارێزگاریکردنی دژەکەشی کە پرۆلیتاریایە .......

وەپرۆلیتاریاش وەک پرۆلیتاریا ، ناچارە بەلەناوبردنی خۆی ، لەویشەوە لەناوبردنی دژەکەی ، لەناوبردنی مەرجی بوونی ، ئەوەی ئەیکاتە پرۆلیتاریا ، واتا خاوەندارێتی تایبەت ........
... لەکاتێکدا پرۆلیتاریا سەرئەکەوێ ، لەهیچ حاڵێکدا نابێتە لایەنی سەروەر لە کۆمەڵدا ، چونکە ئەوکاتە سەرئەکەوێت بەسەر خۆی و دژەکەیدا ، وەئەوکاتە پرۆلیتاریا وون ئەبێت ، هەروەک چۆن دژەکەی ، کەسنوری بوونی ئەودیاریدەکات ، وون ئەبێت ، کەئەویش خاوەندارێتی تایبەتیـە ) .
هەروەها مارکس لەشوێنێکتردا وەڵام دەداتەوەو دەڵێ :- (( چینی پرۆلیتاریا بەتەنیا خۆیەتی لەتوانایدایەو، وەپێویستیشە لە توانیدابێ خۆی ڕزگاربکات ، بەڵام ناتوانێ خۆی ڕزگاربکات بەبێ لەناوبردنی مەرجە تایبەتییەکانی ژیانی ، ناشتوانێ مەرجە تایبەتییەکانی لەناوببات بەبێ لەناوبردنی مەرجە نائینسانییەکانی ژیانی کۆمەڵگای ئێستا کەلە باری تایبەتی خۆیدا بەرجەستەبۆتەوە . گاڵتەشنیە کە ئازارچەشتنی قوتابخانەی کار پڕ ئیرادەو لێبڕاوی و تەسمیگری دەکا .. العائلەالمقدسە) .

هەربۆیەش چۆن هێزی پاڵنەری شۆڕش لای مارکس ویست و ئارەزو نەبەبووە ، ئاواش گواستنەوەی هۆشمەندی نیە لە لیژنەیەک پسپۆڕانی زانای شۆشیالیستییەوە ، هەروەک چۆن پیاوانی ئەم تێزە بانگەشەی بۆدەکەن لەسەرویانەوە کاوتسکی باوکو لینینی کوڕ ، ... بەڵکو هێزی پاڵنەری شۆڕش لای ئەو مەدای پێشکەوتنی هێزی بەرهەم هێنانە کە پرۆلیتاریای هۆشمەند بڕبڕە پشتێتی ، هەڵگیرسانی شۆڕشیش ، ئاستی تەقینەوەی ململانێی نێوان پێوەندی کۆمەڵایەتی بەرهەم هێنان و هێزی بەرهەم هێنان دیاری دەکات ، نەک مامانەکەی – چی بکەین - .

بەڵام هەروەک پێشتر باسمان لێکردبو ، لەسەردەمی نێونەتەوەی دووهەمداو لەسەردەستی کاوتسکی و دواتریش لینین ، ئەوپالنەرە بابەتیە گۆڕدرا بەئەوهۆشمەندییەی کە قوتابخانەی حیزبەکانی نێونەتەویی دووهەم فەبرەکەی دەکات و بەئامادەکراوی پێشکەشی مێشکی بەتاڵی پرۆلیتاریای دەکات ، بۆ بەشۆڕشگێڕکردن و هەستان بەشۆڕش بە بڕیاری سەرەوەی حیزب ... بەواتایەکی تر حیزب هۆشمەندی ئەگوێزێتەوە بۆ ناو پرۆلیتاریاو دوای پڕ بونی مێشکی بەتاڵی پرۆلیتاریا بە هۆشمەندی حیزبی باوک ئیتر بە قودرەتی قادر شۆڕش لە دایک ئەبێت و حیزبیش هەم باوک هەم مامان ...

جیاوازی بابەتی نێوان ناوەڕۆکی شۆڕشی پرۆلیتاریاو هەبونە مێژوویە سەرەکییەکەی واتا پرۆلیتاریا لای مارکس و ، ناوەڕۆکی شۆڕش لای لینینی " خگتان " و لینینی کرۆنشتات و هەبونە مێژوویە سەرەکیەکەی واتا حیزب ، هەمان جیاوازی بابەتی و جیاکەرەوەی تێڕوانینی مارکسە بۆخۆڕیکخستنی پرۆلیتاریاو تێڕوانینی لینین بۆ حیزب . هەر بۆیەش حیزبی – مارکسی لینینی – ئەفسانەیەکەو پێویستە کۆتای پێبێت .

## - دەستکەوتەکانی پرۆلیتاریا !! لەحیزبەکەی (چی بکەین).

ئەوەی لێرەدا پێویستە ئاماژەی بۆبکرێت سەرباری خەرمانێکی بێشومار لە ڕاستیەمێژووییەکان دەربارەی ،کاروکردەوەکانی لینین و حیزبەکەی ، ئەمە کورتەیەکە لێی ، وەک دەستودیاریەکانی ، حیزی –باوک- هەڵگری- هۆشمەندی- شۆڕش - ،کە لینینیستەکان پێشڕەوی پرۆلیتاریان لەپێناوداکردووە .

لای هەمووان ئاشکرایە ساڵی 1917 وەرچەرخانێکی مێژووی بو بەنیسبەت ڕوسیاوە ، لەکاتێکدا جەنگی جیهانی یەکەم ئەم وولاتەی بەهاوپەیمانێتی لەگەڵ فەرەنساو ئنگلترادا دژی ئەڵمانیا بەهیلاک بردبو ، شۆڕشی 1917 دوو قۆناغی بەخۆوبینی ، یەکەمیان ، فیبرایەری 1917 بو کەسەرئەنجامەکەی بەلەناوبردنی دەسەلاتی قەیسەر نیوکولای دووهەم کۆتای هات و ، ئۆکتۆبەر بو کە سەرجەم شارور و لادێکان لەخرۆشاندابن و زەمینەی ڕەخساند بۆ قۆستنەوەی بارەکە لەلایەن بەلشەفیکەکانەوە .

فیبرایەری 1917 ی ڕوسیا جاریکیتری هەستانەوەی پرۆلیتاریابو بەهەرەمانا فراوانەکەی کەئامادەکاری لێبڕاوانەی بۆدەکرا هەر لەشۆڕشی 1905 وە و، لەسەرئاستێکی فراوانتر سۆفێتە کرێکارو جوتیاری وسەربازیەکانی بەخۆوەبینی ، ئەمەش لەکاتێکدابو ڕۆڵی بەلشەفیکەکان زۆرسنرداربو گەر نەڵێین هەرنەبو .. شۆڕش هەربەردەوام بو لەجێ بەجێ کردنی ئەرکە دەست بەجێکانیدا، وەک دامەزراندنی سۆڤێتەکانی کرێکاران و جوتیاران وسەربازان ، چ لەشوێنی کار چ لەشوێنی ژیان ،سەرقاڵبون بەهەڵوەشاندنەوی سەرجەم پێوەنییە کۆنەکانی سیستەمی بەسەرچو و ڕێکخستنەوەی ژیانی پێکەوەی و خۆئامادەکرن بۆ بەردەوامبونی هێرشە شۆڕشگێڕییەکانی وفراوانکردنی .

ئالەم کاتە چارەنوسازەدا ، بەلشەفیکەکان خۆیان بۆ کودەتاکەیان گردەکردەوە ، کاتێکیش سۆفێتەکان خۆیان ئامادەدەکرد بۆ کۆنگرەی دووهەم ، بووە زەنگێکی ترسناک بۆ لینین و حیزبەکەی ، لینینیش وەک پیاوێکی هەمیشە جمهوریخواز لەهەموکات زیاتر سوربو بۆگرتنەدەستی دەسەلات ، پێش گێڕانی کۆنگرەی سەرجەم سۆڤیتەکان ، چونکە زۆربەباشی لەوەگەشتبو کە چ خۆی و چ حیزبەکەشی ئەوەیان بۆمەیسەرنابێت کە وویستی مێژووییانە واتە : گرتنەدەستی دەسەلات .

چونکە بەباشی لەوەگەشتبو بەگرتنەدەستی دەسەلات پێش کۆنگرە دەتوانێ خۆی وحیزبەکەی بکاتە بەلشەفیزمی تەواو ، بەکوتەکی دیسپلینی ناوەندی کەزۆرلەیژەوە لە ( چی بکینە ) کەیدا زۆرباشانە بەردرێژی بۆکردبو ، ئەمەش لە ئۆکتۆبەردا بووە واقعێکی چاوەڕوان نەکراو لەلای بەشی هەرەزۆرینە کۆمەلانی خەڵک ... ئەوەتا ترۆتسکی ئەندازیاری ئەم کارە دژە شۆرشە بەم شێوەیە وەسفی دەکات :- (( هاوولاتیانی ڕوسیا لە پرخەی خەوێکی بێدەنگ وئارامدا بون و هیچ ئاگایان لەوکاتەنەبە کەدەسەلاتێک

جێی دەسەڵاتێکی تر دەگرێتەوە .. )) .. هەربەهەمان شێوەو ماهییەت لینینی هاوڕێشی لەلایەکیترەوە بەم شێوەیە وەسفی کودەتا ڕسواکەیان دەکات دژی شۆڕش : ( .. شۆڕشی ئۆکتۆبەر زۆر لەوە ئاسانتر بو پـــەڕیــک بەرزبکەیتەوە ... )) .

بەم شێوەیە کودەتاکەی ئۆکتۆبەر بووە ڕوداوێ لە نێوڕوداوەکانی شۆڕش لەڕوسیادا ، کە ساڵانێکی دورودرێژ بو ئامادەکاری و خۆڕێکخستنی کودەتاچیانەی بۆدەکرا لەلایەن بەلشەفیکەکانەوە بەسەرۆکایەتی لینین پیاوی ڕاستەقینەی جمهوری ، دوای کودەتاکەش دەسەڵاتی بەلشەفیکەکان گردبۆوە لەژێر ناوی ( کۆمیسار ) دا ، ئەمەش هەیئەتێک بو لینین سەرپەرشتی دەکرد ، ئەو پیاوەی تەنانەت بۆ ڕۆژێکیش لەڕۆژان ئەندام نەبووە لە هیچ سۆڤێتێکدا .

ئەم باسە لێرەدا ، بەوتەیەک کۆتای پێئەهێنین لەگەڵ چەند وێنەیەکی دیکۆمینتی ئەودەستودیاریانەی لینین و حیزبەکەی ، کەبەوێنەیەکی لیننین کاتی گرتنەدەستی دەسەلات و کاتی سەرەمەرگێتی .... بەڵام لە بڵاوکراوەکانی داهاتودا درێژتر بەڵگەنامەکان دەخەینەڕو ، کە باسێکیان بەم زووانە ئامادەدەبێت بەناونیشانی (( کۆمۆنەی کرۆنشتات )) ... وتەکەشمان ئەمەیە :- ئەوەبەسە بڵێین هەرلەیەکەم ڕۆژی دەسەڵاتی بەلشەفیکەکانەوە بەسەرۆکایەتی لینین تادەگاتە ستالین بەملیۆنها ئنسان گۆشاوگۆش سەربردران و کرانەدیاری دەستی لینین وحیزبەکەی بۆ پرۆلیتاریای شۆڕگێری ڕوسیا ........



## پێش کودەتا.



Cossacks in the Nevski Prospeckt guardedly watch a demonstration of soldiers and Kronstadt sailors in July, 1917.





Kronstadt sailors demonstrate for the power of the soviets, 1917.

**دوای کودەتا.**













**من صور المجازر الجماعيه التى ارتكبها البلشفيه:**

**20 مليون قتيل فى الاتحاد السوفيتى.**












**لەبرسا منداڵەکانی خۆیان ئەخۆن.**



